# راپۆرت

## ڕێوشوێنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بارەی پاراستنی مافی ئافرەتان

## هاوپێچ کراوە بە راپۆرتی تایبەتی کۆماری عێراق سەبارەت بە ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی جیاکاری رەگەزی دژی ئافرەت (سیداو)

**ئۆفیسی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم**

**December 2019**

**پێشەکی:**

لە هەرێمی کوردستاندا ئافرەتان جێگە و پێگەیەکی تایبەتیان هەیە و چەندین یاسای تایبەت بە مافەکانی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان دەرچووە و کاریان پێدەکرێت. لەم هەرێمەدا ئافرەتان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دەرکردنی بڕیارەکان و لەسەر میلاکی وەزارەتەکان و رێکخراوە مەدەنیەکان بەشداری کارایان پێکراوە و چەندین پۆستی گرنگی وەکو کەسی یەکەمی هەندێک وەزارەت و دامودەزگای حکومیان پێدراوە، بەردەوام کارکراوە بۆ ئەوەی رێژەی رەگەزی مێینە لە کارکردندا زیاد بکات و بەشداریان پێبکرێت لە کار و بڕیارە گرنگەکاندا. لەلایەکی دیکەشەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی پەروەردەیی تۆکمەی داناوە بۆ ئەوەی زۆرترین رێژەی کچان روو لە خوێندن بکەن. سەبارەت بەو ئافرەتانەش کە تووشی کێشە بوونەتەوە هەوڵی تەواو دراوە بۆ پاراستنیان، ئەو ئافرەتانەش کەتوانای گەڕانەوەیان نییە بۆ ماڵی خۆیان، دەنێردرێن بۆ شەڵتەرەکان و لەوێدا پەنا دەدرێن پاشان رەوانەی دادگا دەکرێت.

حکومەتی هەرێم لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە ساڵی ٢٠١٦ ، چەندین تیمی گەڕۆکی تەرخانکردوە بۆ چاودێری کردنی ڕەوشی ئافرەتان و بەدواداچونی مافەکانیان و کردنەوەی پەڕاوی دادگا و سکاڵا بۆیان. تەنها لە چوار مانگی کۆتایی ساڵی (٢٠١٦) کاریان لەسەر (٣١٢) حاڵەتی جۆراوجۆر کردووە، بەڵام لەساڵی ٢٠١٧ ژمارەی تیمەکانیان زیادکردوە بۆ هەمان مەبەست. هەرکاتێکیش سکاڵایەك یاخود زانیاری هەبوویێت لەسەر ئەو کەیسانە، ئەوا دەستەبەجێ لێکۆڵینەوە لێکراوە و سەرپێچیکاران رووبەرووی سزا کراونەتەوە.

هەرچی سەبارەت بە رەوشی تەندرووستییە، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە سەرەڕای نالەباری بارودۆخی ئابووری لە هەرێمی کوردستان خزمەتگوزاری جۆراوجۆر و پێویست لە بواری تەندروستی پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەران کراوە لە کەمپەکان. لە ناویاندا، دانانی بنکەی تەندروستی گەڕۆک یاخود جێگیر لە کەمپەکان لەگەڵ بوونی تیمی پزیشکی کە لە یاریدەدەر و پزیشک پێکدێن بۆ پشکنین و پێشکەش کردنی چارەسەری سەرەتایی. ئەگەر نەخۆشەکە لەو کەمپە چارەسەر نەکرا ئەوا لە کاتی پێویست ڕەوانە دەکرێن بۆ نزیکترین نەخۆشخانە. هەروەها بە هەموو شێوەیەک خزمەتگوزاری تەندروستی پێویست پێشکەش دەکرێ بۆ چاودێری دایکانی دووگیان و منداڵی تازە لە دایک بوو.

ئەم ڕاپۆرتە کۆمەڵێک بابەت و تەوەری گرینگ لەخۆ دەگرێت و باس لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ پاراستنی مافی ژنان لەم هەرێمەدا، لە ناویاندا (ئەو یاسایانەی تایبەت بە مافەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان دەرچوون و کاریان پێدەکرێت، ئافرەت لەدەسەڵاتی دادوەریدا، دەزگا و رێکخراوەکانی تایبەت بە پرسی ئافرەتان لە سەرەتای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە ئافرەتانی ئاوارە و پەنابەران دەکرێن، دامەزراندنی سەنتەری راوێژکاری خێزانی لە دهۆك، کەمکردنەوەی توندوتیژی سێکسی لە هەرێمی کوردستان، بەشداری ژنان لە بوارە جیاوازەکان و وەکو رێکخراوەکان و وەزارەتەکان، بە زۆر بەشوودانی کچان، میکانیزمی کارکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و ... هتد).

**<u>ئەو یاسایانەی تایبەت بە مافەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان دەرچوون و کاریان پێدەکرێت:</u>** لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک یاسا دەرچوون و کاریان پدەکرێت کە تایبەتن بە پاراستنی مافەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان. ئەم یاسایانە کارێکیان کردووە کە مافی ئافرەتان لە هەرێم پارێزراو بێت. ئەو یاسایانەی تایبەت بە مافەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان دەرچوون و کاریان پێدەکرێت ئەمانەن:

- **یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (2001):** بەدەرکردنی ژن لە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٤)ی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (111)ی هەموار کراوی ساڵی 1969 هەڵدەبوێردرێ.

- **یاسای ژمار (٨)ی ساڵی (2001) تەڵاقدانی بە زوڵم:** ئەگەر مێردێک ژنەکەی تەڵاقدا و دادگا بۆی دەرکەوت کە مێردەکەی بە زوڵم تەڵاقی داوە و بەو تەڵاقەش ژنەکە زیانی پێکەوتووە، لەو کاتەدا دادگا حوکمێکی ئەوتۆ بەسەر مێردەکەیدا دەسەپێنێت کە لەگەڵ باری دارایی و گوزەران و پلەی زوڵمەکەیدا بگونجێ و سەرجەم زەرەرەکانی دەخەملێندرێن. بە مەرجێک سەرەڕای مافە چەسپاوەکانی ژنەکە، پێویستە نەفەقەکەشی بدات لە ماوەی دوو ساڵ کەمتر نەبێ و لە سێ ساڵیش تێنەپەڕێ.

- **یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٢):** تێوەگلان لە تاوان دەرهەق بە ئافرەتان بە بیانوی شەرەف بۆ مەبەستی بەکارخستنی حوکمەکانی ماددەگەلی (128،130،131) ی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (111)ی هەموار کراوی ساڵی 1969 بە پۆزشی (عوزری شەرەف) بە عوزری سوککردنی سزا هەژمار ناکرێت.

- **یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی (2003) دەرماڵەی منداڵبوون و دایکایەتی:** یاسای دەرماڵەی منداڵبوون و دایکایەتی "ئەو ئافرەتەی لە ئیجازەی منداڵبووندا یان ئیجازەی دایکایەتیدا بێت، بە درێژایی ماوەی ئیجازەکەی مووچە و دەرماڵەی تەواوی پێدەدرێت کە پێشتر پشووەکەی یەک ساڵ بوو".

- **یاسای ژمارە (6)ی ساڵی (2015)ی پەرلەمانی کوردستان:** قانون تعديل تطبيق الثاني لقانون الاحوال الشخصية رقم (188) لسنة (1959) المعدل في إقليم كوردستان – العراق. بۆ بینینی منداڵان لەلایەن دایک و باوکەوە لە کاتی تەڵاق و جیابوونەوەیان لە هەر شوێنێک کە خۆیان دیاری دەکەن.

- **یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٧):** ڕاگرتنی کارکردن بە مەرجی هاوسەر بوون، کە لە دەقی یەکەمی ماددەی (٤١) لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی (١٩٧٩)دا هاتووە لە هەرێمی کوردستان.

- **یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (2009):** یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمان کوردستان- عێراق ژمارە(١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموارکراو. لە ماددەی چوارەمدا مەرجی بوونی ڕێژەی پاڵاوتنی ئافرەت لە نێو قەوارە سیاسییەکان دادەنێت کە نابێ لە (٣٠ %) کەمتر بێت. زنجیرەی ناوەکانیش بە جۆرێک ڕێکدەخرێت کە ڕێژەی ژنان دەستەبەر بکات، بە مەرجێک ژمارەی پاڵێوراوان لە هەر لیستێک هەڵبژاردن لە (سێ) کەمتر نەبێت.

- **یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (2009):** یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزا و ناحییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق. ماددەی حەوتەم، بڕگەی دووەم (لیستی پاڵێوراوان بە جۆرێک ڕێکدەخرێت کە ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتان لە (30%)ی ئەندامان کەمتر نەبێت).
- **یاسای ژمارە(٧)ی ساڵی (2009):** یاسای پەیمانگای دادوەری هەرێمی کوردستان- عێراق، دەرچوونی ئەم یاسایە ڕێگەیە بۆ پێگەیاندنی ئافرەت و بوونی بە دادوەر، ئێستا ڕێژەیەکی بەرچاو دادوەری ژن بەدی دەکرێت لە دادگاکانی هەرێم.

**<u>ئافرەت لە دەسەڵاتی دادوەری:</u>** یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠٠٩ کە یاسای پەیمانگای دادوەریە لە هەرێمی کوردستان- عێراق بووەتە هۆکار بۆ پێگەیاندنی ژمارەیەکی زۆری ئافرەت و بوونیان بە دادوەر. ڕێژە و ژمارەی ئەو ئافرەتانەی توانیویانە ببنە دادوەر لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

- یەکەم دادوەری ئافرەت لە پارێزگای دهۆک لە ساڵی ١٩٨٨ بە ناوی ( کەمیلە عەلی ساڵح) دانرا، هەروەها لە پارێزگای سلێمانیش یەکەم دادوەری ئافرەت بە ناوی ( گەلاوێژ سەعید محمد) دامەزرێندرا.
- دەیان ئافرەت وەک داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان دامەزراون لەناویاندا (١٧) داواکاری گشتی لە هەولێر، (24) داواکاری گشتی لە سلێمانی و هەڵەبجە، (7) لە دهۆک و (١) لە گەرمیان.
- (30) دادوەری ئافرەت لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوە دامەزروان لە ناویاندا (10) دادوەر لە هەولێر، (14) لە سلێمانی و هەڵەبجە، (5) لە دهۆک و (2) گەرمیان.
- (94) لێکۆڵەری دادوەری و (289) یاریدەدەری لێکۆڵەری دادوەری لە هەرێم دامەزراون.

**<u>دەزگا تایبەتەکان بە پرسی ئافرەتان لە سەرەتای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم:</u>** زیاتر لە (١٥٠) ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بە ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان هەن و هەمووان بەپێی توانا کاردەکەن لەپێناو پاراستنی مافی ئافرەتان. هەربۆیە چەند شەڵتەرێک بۆ داڵدەدان وپاراستنی ژیانی ئەو ئافرەتانە کراوەتەوە کە هەرەشە لەسەر ژیانیان هەیە لە هەرێمی کوردستان، (4) ماڵی داڵدەی ژنانی هەڕەشەلێکراو هەیە لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەلار)، هەروەها دوو شەڵتەریش کەکەیسەکان تەنیا بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر وەردەگرن. ئەمانەش کۆمەڵێک لە دەزگا و دامەزراوە تایبەتییەکانی ئافرەتانن کە کار بۆ پاراستنی مافی ئافرەت و پارێزراوبوونی ژیانیان دەکەن.

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.
- بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان.

- دەزگای یەکسانی : لە کابینەی چوارەم دامەزرا سەر بە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بوو.
- نووسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان.
- ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان.

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە (٦) بەڕێوبەرایەتی و (٢٨) نوسینگە و چەندین هۆبە پێکهاتووە کە ساڵانە زیاتر لە نۆ هەزار سکاڵا لە بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی سەر بەم بەڕێوەبەرایەتییە لە هەرێمی کوردستان تۆماردەکرێت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی (UN) و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ باشتر ڕاپەڕاندنی کارەکان و زیاتر بە هاناوەچوونی کێشەکان لە نێو کەمپەکان (٢٣) تیم مۆبایلیان پێکهێنا. مەبەست لە پێکهێنانی ئەم تیم مۆبایلانە ئەوەبوو کە لە نزیکەوە ئاگاداری خزمەت بە ئاوارە و پەناهەندەکان بکەن لە سەرجەم ئەو شار و شارۆچکانەی کە ئاوارە و پەناهەندەی تێدایە لە هەرێمی کوردستان. ساڵانە زیاتر لە (١٥٠٠) کەیس تۆمار دەکرێت هەندێك لەو کەیسانە چارەسەر دەکرێن و هەندێکیان هەواڵە دەکرێت بۆ دادگا بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارە یاساییەکان بۆ ئاوارە و پەناهەندەکان.

هەر لە چوارچێوەی کاری بەڕێوەبەرایەتی لەگەڵ (UN) و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێگەی تیم مۆبایلەکانەوە ساڵانە چەندین سیمینار و وۆرك شۆپ و خول ئەنجام دەدرێت لە نێو کەمپەکان بۆ وشیارکردنەوە کە زیاتر لە دوازدە هەزار کەس لێی سوودمەند دەبن. بابەتەکانی سیمنارەکان جۆراوجۆرن وەك یاساکانی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن، سەرهەڵدان و قۆناخەکانی توندوتیژی خێزانی و ڕێنمایی دەروونی کێشەی خێزان و کاریگەری لەسەر خێزان و منداڵ ...هتد لەگەڵ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری یاسایی و دەروونی.

بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئاوارە و پەناهەندەکان ساڵانە زیاتر سەد خول، سیمینار و وۆرك شۆپ بۆ ئەفسەر و کارمەندانی تیم مۆبایلەکان ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە خزمەت و هاوکاری بگەیەننە قوربانیەکان و کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکرێت. ئەو ئەفسەر و کارمەندانەی کە لە تیم مۆبایلەکان کار دەکەن ژمارەیان (٧٥) کەس دەبێت و زیاتر لە (١٨) ڕاهێنانیان لە ساڵێکدا بۆ ئەنجامدراوە وەك ڕاهێنانی چۆنیەتی وەرگرتنی کەیس و چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە قوربانی و هۆشیارکردنەوەیان لە چۆنیەتی هاوکاری کردنی قوربانی.

**میکانیزمی کارکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان:**

- مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانلێکراو وەك قوربانییەك کە پێویستی بە یارمەتی و پشتیوانی هەیە لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و یاساییەوە.

- مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی دەستدرێژی (دەروونی، جەستەیی، سێکسی) کاتێك لەلایەن یەکێك لە تاکەکانی خێزان دەکرێتە سەر یەکێکی دیکە لە ئەندامەکانی تاکو پلەی چوارەم.
- وەرگرتنی سکاڵا و هەواڵەکان لە بارەی توندوتیژی لەلایەن زیان لێکەوتوو یان ئەوەی بەپێی یاسا نوێنەرایەتی دەکات.
- ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ قوربانی بۆ ئاگاداربوون لە کێشەکە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بە گوێرەی حاڵەتەکان لەلایەن توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و یاساناسان.
- ڕەوانەکردنی قوربانی بۆ نەخۆشخانە بۆ ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی لە کاتی پێویست یان لەسەر داواکاری قوربانی.
- رەوانەکردنی قوربانی بۆ بنکەی داڵدەدان لە کاتی بوونی مەترسی لەسەر ژیانی بە بڕیاری دادوەر.
- تەرخانکردنی هێڵی گەرم بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ئافرەتانەی سکاڵایان هەیە یان مەترسی توندوتیژیان لەسەرە بە ژمارە (١٩٩) لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.
- بەدواداچوون بۆ کەیسەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ.
- رێکخستنی کارەکانی لێژنەکانی ئاشتەوایی لە ناو بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان، ڕاپەرین، سۆران).

**<u>ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە ئافرەتانی ئاوارە و پەنابەر دەکرێن:</u>** حکومەتی هەرێم لە رێگای وەزارەتی ناوخۆ / ب. گ. بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە ساڵی ٢٠١٦، دە تیمی گەڕۆکی تەرخانکردووە بۆ چاودێری کردنی ڕەوشی ئافرەتان و بەدواداچونی مافەکانیان. هەروەها، پەڕاوی دادگا و سکاڵایان بۆ کراوەتەوە کە تەنها لە چوار مانگی کۆتایی ساڵی (٢٠١٦) کاریان لەسەر (٣١٢) حاڵەتی جۆراوجۆر کردووە. لەساڵی ٢٠١٧ ژمارەی تیمەکانیان زیادکردووە بۆ چواردە تیم بۆ هەمان مەبەست. هەرکاتێکیش سکاڵایەك یاخود زانیاری هەبووبێت لەسەر ئەو کەیسانە، ئەوا دەستەبەجێ لێکۆڵینەوەیان لێکراوە و سەرپێچیکاران رووبەرووی سزا کراونەتەوە. تاکو ئێستا وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم چەندین ڕێکخراو و دەزگای لەکارکردن ڕاگرتوە و تەنانەت خستونیەتی لیستی ڕەش بەهۆی فێڵکردن لە ئاوارەکان و ئەنجامدانی کاری نادروست لەگەڵ ئاوارەکاندا.

**<u>دامەزراندنی سەنتەری راوێژکاری خێزانی لە دهۆك:</u>** بەرێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ دهۆك سەنتەری راوێژکاری خێزانی دامەزراندووە کە لە کۆمەڵێك خەڵکی پسپۆری یاسایی و دەروونی پێکهاتووە بەردەوام لەخزمەت کردنی کەیسەکانی ژنانی ئێزیدی دایە، لەم رووەوە هاوکاری زیاتر لە (2000) ئافرەتی کردووە لەم ژمارەیە زیاتر لە (1000) ئافرەت تەمەنیان لە سەرووی (18) ساڵەوەیە ئەوەش بە گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە وچارەسەرکردنیان و ئارام کردنەوەی

لایەنی دەروونی لەلایەن پسپۆرانی دەروونناس و کۆمەڵناس، بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ئافرەتان سیمینار ووۆرك شۆپ و خولی تایبەتی کردۆتەوە بۆ بە هاناوە هاتنیان و چۆنیەتی گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگا و سەردانی کردنیان.

**کەمکردنەوەی توندوتیژی سێکسی:** ئەنجامدانی چەندین سیمینار و ووۆرك شۆپ لە قوتابخانە و زانکۆکانی کوردستان کە تێیدا زیاتر لە (٢٧) هەزار کەس سوودمەند بوون لە ساڵێکدا، هەروەها بۆ هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان لە توندوتیژی سێکسی و ناساندن و چۆنیەتی خۆپاراستنیان لە کاتی رووبەرووبونەوە و هەڕەشەی توندوتیژی سێکسی. هەر بۆ ئەم مەبەستە زیاتر لە شەش هەزار کتێب، نامیلکە، پۆستەر و پرۆشۆر لە بارەی (چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سێکسی لە دژی منداڵان، گێچەڵی سێکسی، توندوتیژی سێکسی لە دژی ئافرەتان) بڵاوکراوتەوە. هەربۆیە ئەم بەرێوەبەرایەتییە بە هەماهەنگی وەزارەتی ئەوقاف و پیاوانی ئاینی زیاتر لە دە کۆبوونەوەی لەگەڵ زیاتر لە هەزار مامۆستای ئایینی ئەنجامداوە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك لە کاتی وتاری ئاینی لە مزگەوتەکاندا، هەروەها ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ شۆفێرانی تەکسی و پاسەکان بۆ هەمان مەبەست .

**بەشداری ژنان لە بوارە جیاوازەکان و وەکو رێکخراوەکان و وەزارەتەکان:** ئافرەتان رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دەرکردنی بڕیارەکان و لەسەر میلاکی وەزارەتەکان و رێکخراوە مەدەنیەکاندا ئافرەت بەشداری کارای پێکراوە، هەروەها چەندین پۆستی گرنگی وەکو کەسی یەکەمی وەزارەتەکانیان پێدراوە. بەرێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە چوارچێوەی بڕیاری (١٣٢٥)ی ئەنجومەنی ئاسایش چەندین کاری کردووە تا رێژەیی رەگەزی مێینە لە کارکردندا زیاد بکات و بەشداری پێ بکات لە کار و بڕیارە گرنگەکاندا.

هەوڵدراوە ئەفسەرانی ژنان و (ڕ.پ) ژنان لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان گرنگی زیاتریان پێ بدرێت لە بەش و هۆبەکان، بۆ نموونە بەڕێوەبەری گەرمیان ئافرەتێکە بە پلەی عقید دوو بەرپرسی نوسینگەش بەپلەی ڕائدن، ڕێژەی ژنان لەمیلاکی شارستانی (55 %) و لەمیلاکی سەربازی (28%) دەبێت. هەوڵی تەواویش دراوە بۆ پاراستنی ئەو ئافرەتانەی کە تووشی کێشە دەبنەوە و توانای گەڕانەوەیان نییە بۆ ماڵی خۆیان، دەنێردرێن بۆ شەڵتەرەکان لەوێدا پەنا دەردێن پاشان رەوانەی دادگا دەکرێت بۆ ئەم مەبەستەش ئۆتۆمبێل و پاسەوانی تایبەتیان بۆ دابین دەکرێت.

**نەهێشتنی بە زۆر بەشوودانی کچان:** لە برگەی (٣)ی مادەی دووی قانون رقم (٨) لسنة ٢٠١١ قانون مناهضة العنف الاسري في اقليم كوردستان العراق باس لە بە زۆر بە شوودانی کچان کراوە وەک یەکێک لە تاوانەکانی خێزانی بەم شێوەیەیە " **العنف الاسري** : كل فعل او قول او التهديد بهما على اساس النوع الاجتماعي في اطار العلاقات الاسرية المبنية على اساس الزواج و القرابة الى الدرجة الرابعة ومن تم ضمه الى الاسرة قانونا من شأنه ان يلحق ضررا من الناحية الجسدية والجنسية والنفسية وسلباً لحقوقه وحرياته".

هەروەها لە ماددەی (٢)ی هەمان یاسا بە زۆر بە شوودانی کچان بە کردەوەیەکی قەدەغە کراو دادەنرێت. "المادة الثانية:أولا : يحظر على اى شخص يرتبط بعلاقة اسرية ان يرتكب عنفاً اسرياً ومنءا العنف البدني والجنسي والنفسي في اطار الاسرة. تعتبر الافعال الاتية على سبيل المثال عنفاً اسرياً:

- الاكراه في الزواج
- زواج الشغار وتزويج الصغير
- التزويج بدلاً عن الدية
- الطلاق بالاكراه
- قطع صلة الارحام
- اكراه الزوج للزوجة على البغاء وامتهان الدعارة
- ختان الاناث
- اجبار افراد الاسرة على ترك الوظيفة او العمل رغماً عنهم
- اجبار الاطفال على العمل و التسول وترك الدراسة.
- الانتحار اثر العنف الاسري
- الاجهاض اثر العنف الاسري
- ضرب افراد الاسرة والاطفال بأية حجة

الاهانة والسب وشتم الاهل وابداء النظرة الدونية تجاهها وايذائها و ممارسة الضغط النفسي عليها وانتهاك حقوقها والمعاشرة الزوجية بالاكراه. له ماددەی (٧)ی هەمان یاسا سزای توندوتیژی خێزانی دیاریکراوە کە (بە زۆر بە شوودانی کچانیش دەگرێتەوە) بەم شێوەیە:"مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد تنص عليها القوانين النافذة في الاقليم: يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد على ثلاث سنوات و بغرامة لاتقل عن مليون دينار ولاتزيد على خمسة ملايين دينار او باحدى هاتين العقوبتين كل من ارتكب عنفاً اسرياً.ايضا في المادة (٩) من قانون الاحوال الشخصية رقم (١٨٨) لسنة ١٩٥٩ المعدل بقانون رقم (١٥) لسنة ٢٠٠٨ في اقليم كوردستان/ العراق.

**المادة التاسعة:**

- لا يحق لأي من الأقارب أو الأغيار إكراه أي شخص، ذكراً كان أم أنثى على الزواج دون رضاه، ويعتبر عقد الزواج بالإكراه باطلاً، إذا لم يتم الدخول، كما لا يحق لأي من الأقارب أو الأغيار، منع من كان أهلاً للزواج، بموجب أحكام هذا القانون من الزواج.
- يعاقب من يخالف أحكام الفقرة(١) من هذه المادة، بالحبس مدة لا تزيد على ثلاثة سنوات، وبالغرامة أو بإحدى هاتين العقوبتين، إذا كان قريباً من الدرجة الأولى .أما إذا كان المخالف من غيرهؤلاء، فتكون العقوبة السجن مدة لا تزيد على عشر سنوات،أو الحبس مدة لا تقل عن ثلاث سنوات.

**خشتەی میلاکی ڕەگەزی مێ لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم بە ژمارە**

| ت | اسم المديريات | الضابط | منتسب | موظف المدني | مجموع | ملاحظة |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | مقر الشرطة العام | 1 | 13 | 1 | 15 | |
| 2 | م.تحقيق أدلة الجرائم في الاقليم | 2 | 7 | 5 | 14 | |
| 3 | م.شرطة الغابات وبيئة الاقليم | 0 | 18 | 0 | 18 | |
| 4 | م.شرطة كهرباء الاقليم | 0 | 42 | 0 | 42 | |
| 5 | م.شرطة أربيل | 11 | 188 | 0 | 199 | |
| 6 | م.شرطة السليمانية | 7 | 331 | 0 | 338 | |
| 7 | م.شرطة دهوك | 11 | 121 | 0 | 132 | |
| 8 | م.شرطة حلبجه | 0 | 7 | 0 | 7 | |
| 9 | م.شرطة كرميان | 0 | 26 | 0 | 26 | |
| 10 | م.شرطة سوران | 6 | 24 | 0 | 30 | |
| 11 | م.شرطة رابرين | 0 | 12 | 0 | 12 | |
| 12 | م.دفاع مدني اربيل | 2 | 14 | 2 | 18 | |
| 13 | م.دفاع مدني سليمانية | 1 | 12 | 5 | 18 | |
| 14 | م.دفاع مدني دهوك | 3 | 5 | 0 | 8 | |
| 15 | م.دفاع مدني حلبجة | 0 | 0 | 0 | 0 | |
| 16 | م.دفاع مدني كرميان | 0 | 0 | 0 | 0 | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 17 | م.دفاع مدني سوران | 0 | 3 | 0 | 3 | |
| 18 | م.دفاع مدني رابرين | 0 | 0 | 0 | 0 | |
| 19 | م.شرطة التدريب والتأهيل | 0 | 2 | 0 | 2 | |
| | المجموع | 44 | 825 | 13 | 882 | |

**میلاکی دیوان و گشت فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بەپێی رەگەز**

| ز | **ناوی فەرمانگە** | **نێر** | **مێ** | **کۆی گشتی** |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دیوانی وەزارەت | **142** | **61** | **203** |
| 2 | پارێزگای هەولێر/کارگێڕی گشتی | **467** | **222** | **689** |
| 3 | پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێەتی | **257** | **140** | **397** |
| 4 | پارێزگای دهۆک/کارگێڕی گشتی | **481** | **171** | **651** |
| 5 | پارێزگای دهۆک/ کارگێڕی خۆجێەتی | **222** | **97** | **319** |
| 6 | کاروبار ی ناوخۆی دهۆک | **8** | **6** | **14** |
| 7 | پارێزگای سلێمانی/کارگێڕی گشتی | **626** | **424** | **1050** |
| 8 | پارێزگای سلێمانی/کاروباری هونەری | **151** | **256** | **407** |
| 9 | ئیدارەی گەرمیان /کارگێڕی گشتی | **137** | **105** | **242** |
| 10 | ئیدارەی گەرمیان /کاروباری هونەری | **50** | **20** | **70** |
| 11 | ئیدارەی راپەرین/کارگێڕی گشتی | **117** | **72** | **190** |
| 12 | ئیدارەی راپەرین /کاروباری هونەری | **38** | **10** | **48** |
| 13 | ب. گشتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان | **88** | **106** | **194** |
| 14 | ب. گشتی ناوخۆ | **17** | **15** | **32** |
| 15 | ب. گشتی پۆلیس | **24** | **13** | **37** |
| 16 | ب. گشتی هاتوچۆ | **53** | **38** | **91** |
| 17 | ب. گشتی رەگەزنامە | **551** | **347** | **898** |
| 18 | نووسینگەی کۆچ و کۆچبەران | **121** | **79** | **200** |
| 19 | دەستەی پشکنینی کارگێڕی | **14** | **7** | **21** |

**ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یارمەتیدان ورزگارکردنی ئێزیدییە ڕفێندراوەکان:** لە ٢٠١٤/٨/٣ تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر دەڤەری شنگال کە دانیشتوانی زۆرینەی کوردانی ئێزیدین، لە ئەنجامدا زیانێکی زۆر بەر دەڤەرەکە کەوت. لێرەدا تەنها باسی ئەو زەرەر و زیانانە دەکەین کە ئافرەتان تووشی بوونەتەوە، لە ناویاندا ڕفاندنی ٦٤١٧ کەس کە لەمانە ٣٥٤٨ ئافرەت بوون .

نووسینگەی تایبەتی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠١٤/١١/٢٥ لیژنەیەکی تایبەتی دامەزراند بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوون لە کەیسی ڕفێندراوەکان و بودجەیەکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ رزگارکردنیان، دوای گەڕانەوەشیان حکومەت هەموو ئامادەکارییەك دەکات بۆ حەواندنەوەیان و دووبارە گەڕاندنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا. حکومەت لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە ئەرکی رزگاکردنیانی گرتە ئەستۆ و بە هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەت تا ڕۆژی ٢٠١٨/٥/٢٣ ژمارەی ئێزیدیە ڕزگار کراوەکان (٣٢٧٥) کەس بووە لەوانە (١١٤٨) ئـافرەت و (٣٣٦) پیاو و (٩٣٥) کچ و (٩٥٦) کوڕ ڕزگار کراون، ئەوانەی تا ئێستا ڕزگار نەکراون ژمارەیان (٣١٤٦) کەسە لەوانە (١٤٦٥) ئافرەت و (١٦٨٥) پیاو کە لە دەست داعش ماون.

ئەو ئافرەتانە تووشی جۆرەها ڕەفتاری دڕندانە و دوور لە هەموو عورف و دابونەریتێکی مرۆڤانە، لە فرۆشتن، کڕین، ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی، گۆڕینی ئایینەوە بگرە تا دەگاتە تاوانی دەستدرێژی سێکسی. زۆربەی هەرەزۆری ئەو ئافرەتانەی کە رزگاردەبن، باری دەروونی و تەندروستی جەستەییان زۆر خراپە و پێویستیان بە چارەسەری هەیە، هەرچەندە سەرۆکایەتی تەندروستی دهۆک بەگوێرەی تواناکانی خۆیان، چارەسەری بۆ لەم ئافرەتە رزگاربووانە دەکات. هەندێک لەو ئافرەتانەی کە رزگارکراون، منداڵیان هەبوون، بەڵام منداڵەکانیان لەوێ بەجێ ماون ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە باری دەروونییان ئاڵۆزتربێت، (33) ئافرەتی ئێزیدی رزگاربووی دەستی داعش، هیچ کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکانیان نەماون، بۆیە ئێستا لەلایەن خزم و دۆستانی خۆیان دەژین.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئافرەتانە لە بارێکی دەروونی ئاڵۆزدان بەپێی گرێبەستێک لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی بادن فورتمبێرکی ئەڵمانی، تا ئێستا نزیکەی (١٠٠) لەو ئافرەتانەی رزگارکراون، رەوانەی وڵاتی ئەڵمانیا کراون بۆ چارەسەرکردن بەتایبەتی لەرووی دەروونییەوە .

**ڕفاندنی هاووڵاتیانی کریستیان لە موسڵ و دەشتی نەینەوا لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە:** لە دوای هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی پارێزگای موسڵ بەتایبەتی دەشتی نەینەوا، جگە لە ڕفاندنی هاووڵاتیانی کوردی ئێزیدی، پەیڕەوانی ئایین و ئایینزاکانی دیکەش لەو کارە دڕندانەی داعش بێبەش نەبوون و ژمارەیەکی زۆریان ڕفێندران، ژمارەی ڕفێندراوەکانی کریستیان بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

ژمارەی ئەو ڕفێندراوانەی کە کەیسەکانیان لە ٢٠١٧/٤/٣ تاکو ڕێکەوتی ٢٠١٧/٧/١٨ دیکیۆمینت کراوە (٢٥٠) کەس بووە، لەوانە (٨٢)یان ئافرەت و (168) پیاو بوون. لەو ژمارەیە (١٧٤) یان بەشێوازی جۆراوجۆر رزگار کراون ، بەڵام تا ئێستا (٧٦) یان رزگار نەکراون، لەوانەی کە رزگار نەکراون ژمارەیەکیان ئافرەتن.

**ئەو ئافرەتە کریستیانانەی کە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە رفێنردرابوون و تا ئێستا بێسەروشوێنن:**

| ت | البلدة | عدد النساء |
|---|---|---|
| 1 | الموصل | 1 |
| 2 | قره قوش ( بغديدي ) | 4 |
| 3 | كرمليس | 1 |
| 4 | برطلة | 6 |
| 5 | بعشيقة | 1 |
| 6 | باطنايا | 1 |
| 7 | سنجار | 6 |
| | **المجموع** | **20** |

**<u>لە بواری تەندروستیدا:</u>** لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای نالەباری بارودۆخی ئابووری خزمەتگوزاری جۆراوجۆر و پێویست لە بواری تەندروستی پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەران دەکرێت. وەک دانانی بنکەی تەندروستی گەڕۆک یاخود جێگیر لە کەمپەکان لەگەڵ بوونی تیمی پزیشکی کە لە یاریدەدەر و پزیشک پێکدێن بۆ پشکنین و پێشکەش کردنی چارەسەری سەرەتایی، ئەگەر نەخۆشەکە لەو کەمپە چارەسەر نەکرا، ئەوا لە کاتی پێویست ڕەوانە دەکرێن بۆ نزیکترین نەخۆشخانە. هەروەها هەڵمەتی کوتان بۆ منداڵان بە شێوەی وەرزی بۆ تەمەنە دیاریکراوەکان ئەنجامدەدرێ جگە لەمەش خزمەتگوزاری تەندروستی پێویست پێشکەش دەکرێ بۆ چاودێری دایکانی دووگیان و منداڵی تازە لە دایک بوو.

لە بواری وشیارکردنەوە لە نەخۆشییەکان چەندین هەڵمەتی هۆشیار کردنەوە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی شێرپەنجەی سینگ بۆ ئافرەتان کراوە ئەویش بەدابین کردنی چەند پزیشکێک بۆ ئەم مەبەستە هەروەها هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بۆ پاک وخاوێنی و پاراستنی تەندروستی دەم و ددان ئەنجامدراوە .

جگە لەلایەنی تەندروستی جەستەیی حکومەتی هەرێمی گرنگی داوە بە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتیش بۆ ئەم مەبەستەش لە کەمپی حەسەن شام خانەی بێ باوکان (دار الايتام) لە ڕێکەوتنی ٢٠١٧/٨/٢٢ بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو منداڵانە دامەزراوە کە لە ئەنجامی شەڕی تیرۆریستان باوکیان لە دەستداوە. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین چالاکی هونەری جۆراوجۆر بۆ ئەو منداڵانە ئەنجامدەدرێ وەک چالاکی مۆسیقا و یاری جۆراو جۆر هەر لەم ڕووەوە بۆ پاراستنی ژیانی ئاوارە و پەنابەران بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی کەمپەکان یان لە خێمەدا دەژین. هەڵمەتی هۆشیار کردنەوە بۆ خۆپاراستن لە ئاگرکەوتنەوە و

چۆنیەتی کوژانەوەی ئاگر لە کەمپەکان بەڕێوەچوو لە لایەن چەند ڕاهێنەرێکی شارەزای بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر ، ئەمەش لەسەر داوای بەڕێز پارێزگای هەولێر بوو. لەم هەڵمەتانەدا کە بۆ ئاوارەی (١٥) ناوچەی جیا ئەنجامدران (٣٦٦) خێزانی ئاوارە و پەنابەران سوودمەند بوون. هەر لە بواری تەندروستی چەندین خزمەتگوزاری جیاجیا پێشکەش بە ئافرەتان دەکرێت یاخود زیاتر ئافرەتان لێی سوودمەند دەبن لەوانە:

- خزمەتگوزاری رێکخستنی خێزان، کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان (٢٨) بنکەی تەندروستی تایبەت بەم بوارە هەیە.
- زیادکردنی نەخۆشخانەی تایبەت بە ئافرەتان و لە دایکبوون، لە ساڵی (٢٠١٦) لە هەرێمی کوردستان (١٣) نەخۆشخانەی لەو جۆرە هەیە و نەخۆشخانەی گشت بەشی لە دایکبوونیان هەیە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر نەخۆشخانەی تایبەت بە ئافرەت و لەدایکبوون لەلایەن کەرتی تایبەتەوە کراونەتەوە بە هاوکاری حکومەت.
- پرۆگرامی چاودێری منداڵانی تازە لە دایکبوو.
- پرۆگرامی رۆشنبیری تەندروستی بۆ کەمکردنەوەی رێژەی خەتەنەکردنی مێینە کە لە ساڵی ٢٠١٠ دەستی پێکردووە و کاریگەریی هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی رێژەی خەتەنەی مێینە.
- دەستنیشانکردنی (١٢) بنکەی تەندروستی بۆ پێشوازی کردن لەو ئافرەتانەی رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.

**<u>شەڵتەرەکان:</u>** بەپێی یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی مامەڵە لەگەڵ هەموو جۆرە توندوتیژییەکی خێزانی دەکرێ بۆ پاراستنی ئەندامەکانی خێزان لە هەموو کارێکی نادروست و نەشیاو بە مەبەستی پاراستنی شیرازەی خێزان و لە ناویاندا ڕەگەزی مێینە و منداڵان، چونکە زۆربەی کاتەکان ئەم دوو چینە دەبنە قوربانی ئاژاوە و توندوتیژییەکانی نێو خێزان.

لە ماددەی سێیەم لە بڕگەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە : (پێویستە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم شوێنی حەوانەوە بۆ قوربانیانی توندوتیژی خێزانی دابین بکەن)، هەروەها لە بڕگەی سێیەمدا هاتووە: قوربانیانی توندوتیژی خێزانی هاوکاری تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە .

**<u>تێبینی</u>**: ئەم خاڵە لەبەر ڕاگرتنی هاوکاری کۆمەڵایەتی جێبەجێ نەکراوە، بەڵام بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەم بڕگەیە لە یاساکە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی (٢٠١٤) بۆ دروست کردنی ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو دەرکرد، بۆ ئەم مەبەستە لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان فەرمانگەی تایبەت دامەزرا بە ناوی ماڵی داڵدەدان (شەڵتەر)، کە ماڵێکی نهێنی، پارێزراوە تایبەتە بۆ لە خۆگرتنی ژنانی هەڕەشە لێکراو. ئەو ژنانەی کە کێشەی

کۆمەڵایەتییان هەیە بە مەبەستی پاراستن و بەدواداچوونی کێشەکانیان و پەرەپێدانی تواناکانیان تا کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەبێت و دەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگاو خێزان .

ئەمماڵە (شەڵتەر) بە فەرمانی دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کەیس وەردەگرێ و وەزارەتی ناوخۆ ئەرکی پاراستنی لە ئەستۆدایە، ئاستەنگ هەیە لەم بەشە وەک کردنەوەی خولی تایبەت بۆ فەرمانبەران لە بوارەکانی (یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەروونی ئیداری)، هەروەها هەندێ جار دادوەر کەیسی وا رەوانەی شەڵتەرەکان دەکات کە لەگەڵ ناوەرۆکی یاسای شەڵتەرەکان و ڕێنماییەکان ناگونجێ. بۆ ئەم مەبەستە لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی (٤) ماڵی داڵدەی ژنانی هەڕەشە لێکراو کراوەتەوە لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەلار) لە سێ پارێزگاکە هەمیشەییە، بەڵام لە شاری کەلار تەنیا بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر کەیسەکان وەردەگرن ئەگەر لەو ماوەیەدا کە کێشەکە چارەسەر نەکرا ئەوا لەلایەن دادگاوە کەیسەکە دەنێردرێتە شاری سلێمانی .

**ئاماری شەڵتەرەکان بۆساڵی ( 2017 )**

| شوێن | ژمارەی ئافرەت | ژمارەی منداڵ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| هەولێر | | | |
| سلێمانی | ە کۆی (536) کەیس (200) کەیسیان چارەسەر کراو | لە کۆی (٩٣) کەیس (50) یان لەگەڵ دایکیان گەڕاونەتەوە نێو خێزان | 3 کەیس ماوە |
| دهۆک | 251 | 63 | 3 |
| گەرمیان | لە کۆی (٣٢) کەیس (26) کەیسان چارەسەر کراوە (6) کەیسیش چارەسەر نەکراوە . | 3 | |

<u>**خانەی بەساڵاچووان:**</u> لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بە مەبەستی خزمەتکردنی بەساڵاچووان، کار بە پەیرەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣ و ڕێنمایی ژمارە (٤) ی ساڵی(٢٠١٥) دەکرێت، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هەر بە ساڵاچوویەك کە پێویستی بە چاودێری کۆمەڵایەتی هەیە و ناتوانێت بەدەم خواستی ئاساییانەی ژیانی خۆی بچێت و کەسی نییە هاوکاریی بکات . بۆ ئەم مەبەستە خانەی بەساڵاچووان لە (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) هەیە کە تایبەتە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ بەساڵاچووان بۆ پیاوان تەمەنیان لە سەرووی (٦٠) ساڵ و ئافرەتان لە سەرووی (٥٥) ساڵ بە مەرجێک ڕێنماییەکان بیانگرێتەوە.

<u>**هاریکاری و پاڵپشتی کردنی خێزانە هەژارەکان:**</u> حکومەتی هەرێم لە ڕووی ئابوورییەوە هاریکاری و پاڵپشتی خێزانە هەژارەکان دەکات، بەپێی یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦) ی ساڵی (١٩٨١)، بەشی چاودێری خێزان هەبووە کە بە بڕی (٣٠) دیناری عیراقی سویسری پێشکەش بەو خێزانانە دەکرد و دوایی گۆڕا بە (٣٠) هەزار دینار پاشان بە فەرمانێکی وەزارەتی دارایی کرا بە (١٥٠) هەزار دینار بەهۆی بەرز بوونەوەی ئاستی بژێوی ژیان یارمەتی بەسەر خێزانە هەژار و کەم دەرامەتەکان

دابەش دەکرا بەگوێرەی چینەکان. ئەم توێژانە هاوکارییەکە دەیانگرتەوە (ئافرەتی بێوەژن، تەڵاقدراو، منالی هەتیو و بێ سەرپەرشت، ئەو خێزانانەی بەخێوکەرەکەیان لە زیندان سزا درابێ، و ئەو خێزانانەی بەخێوکەرەکەیان دیار نەمابێ) بەمەرجێ هیچ سەرچاوەیەکی دارایی تریان نەبێت و هەژار بن، تا ساڵی ( ٢٠١١ ) بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٢٤) بە هەمان شێواز کار دەکرا .

حکومەتی هەرێم بە هاوکاری بانکی نێودەوڵەتی لە ساڵی (٢٠١٦) بەرنامەی چوار چێوەی ستراتیژیەتی پاراستنی کۆمەڵایەتی داڕشت لە دادگای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢٠) تاکو بتوانرێ بە گوێرەی ئەو بەرنامەیە بە مەبەستی بەرز کردنەوەی ئاستی بژێوی و گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی بەسەر کۆمەڵگای کوردی دا بەێنێت، داڕشتنی سیاسەتی دروست بە شێوەیەکی گونجاو جێبەجێ بکرێت بۆ پاڵپشتی کردنی چاکسازی ئابووری تاکو هەرێمی کوردستان لە قەیرانی ئابووری ڕزگار بکات. پایە سەرەکییەکانی چاکسازی ئابووری سێ سێکتەر لە خۆ دەگرێ کە ئەمانەن:

- بەهێزکردنی بازاری کار
- سیستەمی خانەنشینی و بیمەی بێکاری فراوان بکرێ.
- بەرەو پێشبردنی بەرنامەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بە هاوکاری کردنی خێزانە هەژار و کەمدەرامەتەکان لەسەر بناغەی هێڵی هەژاری.

لە وەزارەتی کارکاروباری کۆمەڵایەتی لیژنەیەك دانراوە بۆ داڕشتنی ڕێنمایی نوێ بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ هاوکاری کردنی خێزانە هەژارو کەمدەرامەتەکان لەسەر بناغەی هێڵی هەژاری و نزیکەی ( ٩٥ ) هەزار خێزان بوون و زیاتر ئافرەتان تێیدا سوودمەند دەبوون .

**__بواری پەروەردە:__**حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی کچان روو لە خوێندن بکەن پلانێکی پەروەردەیی تۆکمەی داناوە لە ڕێگای هاندانی زیاتری کچان و کەسوکاریان و بێبەش نەبوونیان لە خوێندن، بەپێی ئەم پلانەی حکومەتی هەرێم چەند هەنگاوێکی گرنگی ناوە وەک:

- **پرۆژەی بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی نەخوێندەواری:** لەم پرۆژەیەدا قوتابخانە نەوجەوانان و بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە پاش ساڵی ١٩٩١ کرانەوە و ڕێژەی (٥٥،٤%)ی ئافرەت تێیدا بەشدار و سوودمەند بوون و تا ساڵی ٢٠٠٤ بەردەوام و ئەنجامێکی ئەرێنی بەدەستهێنا.
- **خوێندنی خێرا:** سیستمێکی نوێی وەزارەتی پەروەردە بوو لەدوای ساڵی (٢٠٠٤) بەتایبەتی بۆ ئەو قوتابیانەی لە خوێندن دابڕابوون بەهەر هۆیەک بێت و تەمەنیان گەورە بوو، لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦) ژمارەی ئەو قوتابییە کچانەی لێی سوودمەندبوون گەیشتە (٢٥٠٦) کچ.

- **زیادکردنی باخچەی منداڵان:** ئێستا ژمارەی باخچەی منداڵان (٥١٧) باخچەیە و لە ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٦) زیاتر لە (٦٠٩٩٦٦) کچ لێی سوودمەندبوون.

- **زیادکردنی قوتابخانەی تایبەت بە کچان:**

| ساڵانی خوێندن | ژمارەی قوتابخانە |
|---|---|
| 2012-2011 | 357 |
| 2013-2012 | 548 |
| 2014-2013 | 563 |
| 2015-2014 | 575 |
| 2016-2015 | 636 |

- **زیاد کردنی رێژەی کچان لە خوێندندا**

| ساڵانی خوێندن | رێژەی کوڕ | رێژەی کچ |
|---|---|---|
| 1997-1996 | %56،70 | %43،20 |
| 1998-1997 | %55،70 | %44،20 |
| 1999-1998 | % 54،50 | % 40،45 |
| 2000-1999 | % 54،10 | % 456،80 |
| 2001-2000 | % 52،08 | % 47،92 |
| 2002-2001 | % 52،05 | % 47،94 |

**خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی :** ئێستا لە هەرێمی کوردستان (١٤) زانکۆی حکومی هەیە، جگە لە دەیان زانکۆی دیکەی ئەهلی و پرۆفیشناڵی نێودەوڵەتی، لەم زانکۆیانەدا ڕێژەی قوتابیانی کچ هاوشێوەی قوتابییە کوڕەکانە، هەروەها سەرۆک بەش و ڕاگری کۆلێژەکانیش ژمارەیەکی زۆریان ئافرەت بوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ز | زانکۆکان | سەرۆک بەش | ڕاگر | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زانکۆی سەڵاحەددین | 8 | 1 | 9 |
| 2 | سلێمانی | 6 | 4 | 10 |
| 3 | دهۆک | 8 | 2 | 10 |
| 4 | کۆیە | 3 | 0 | 3 |
| 5 | هەولێری پزیشکی | 2 | 1 | 3 |
| 6 | سۆران | 2 | 0 | 2 |
| 7 | پۆلەتەکنیکی هەولێر | 18 | 1 | 19 |
| 8 | پۆلەتەکنیکی سلێمانی | 11 | 0 | 11 |
| 9 | پۆلەتەکنیکی دهۆک | 10 | 0 | 10 |
| 10 | گەرمیان | 0 | 0 | 0 |
| 11 | هەڵەبجە | 0 | 0 | 0 |
| 12 | زاخۆ | 1 | 0 | 1 |
| 13 | ڕاپەڕین | 3 | 1 | 4 |
| 14 | چەرمۆ | 1 | 0 | 1 |
| 15 | کۆی گشتی | 73 | 10 | 80 |

**عدد الطلاب و الاساتذة و الموظفين الاناث للعام الدراسي 2016- 2017**

| ت | الجامعة | الطلاب | الاساتذة | الموظفين |
|---|---|---|---|---|
| 1 | صلاح الدين / اربيل | 13490 | 811 | 1407 |
| 2 | السليمانية | 12843 | 741 | 1147 |
| 3 | دهوك | 9418 | 489 | 733 |
| 4 | كوية | 2475 | 96 | 71 |
| 5 | هولير الطبية | 2007 | 225 | 405 |
| 6 | سوران | 1857 | 57 | 175 |
| 7 | التقنية في اربيل | 5624 | 162 | 1126 |
| 8 | التقنية في السليمانية | 7338 | 111 | 1304 |
| 9 | التقنية في دهوك | 3085 | 43 | 590 |
| 10 | كرميان | 3302 | 53 | 302 |
| 11 | حلبجة | 1129 | 14 | 193 |
| 12 | زاخو | 1711 | 111 | 74 |
| 13 | رابرين | 2596 | 29 | 121 |
| 14 | جرمو | 1224 | 30 | 66 |
| المجموع | | 68099 | 2972 | 7714 |

**بەشداری کردنی ئافرەتان لە بواری کارکردندا:** لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢-٢٠٠٢ ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو هاتنە نێو بواری کارکردن و لە گشت رووبەکەوە بەشدارییان هەبوو، پێشتر بواری کارکردنی ئافرەت زیاتر کەرتی حکومەت و فەرمانبەری بوو، بەڵام لە ئێستا لە گشت سێکتەرەکان بوونی بەرچاوی هەیە بەجۆرێک کە رێژەی بێکاریش لە نێو ئافرەتاندا روو لە کەم بوونەوەیە.

### بەشداری کردنی هێزی کار بە گشتی و رەگەزی مێ بەتایبەتی

| ساڵ | هێزی کار بە گشتی | هێزی کاری رەگەزی مێ |
|---|---|---|
| 2012 | % 38،4 | % 12،1 |
| 2013 | % 39،8 | % 12،7 |
| 2014 | % 39،5 | % 13،13 |
| 2015 | % 39 | % 14،78 |

### رێژەی ئافرەتان لە کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت

| ساڵ | کەرتی حکومی | کەرتی تایبەت |
|---|---|---|
| 2014 | % 79،39 | % 21 |
| 2015 | %76 | % 24،2 |

### رێژەی بێکاری لە نێو رەگەزی مێ

| ساڵ | رێژەی بێکاری رەگەزی مێ |
|---|---|
| 2012 | % 22 |
| 2013 | % 17،8 |
| 2014 | % 19،63 |

| | |
|---|---|
| % 29،44 | 2015 |